عێراقچێتییە، نەیهێشت هێزێکی نێونەتەوەیی، بۆ ڕۆژی "نەوەک" لە باشووری کوردستاندا بمێنێتەوە. دەسەلاتدارانی کورد، لەباتی ئەوەی، بیر لەو دوارۆژە ڕەشە بکەنەوە، خەریکی ئاشتکردنەوەی شیعە و سوننە و، هێنانەوەپێشی جەنابی عەللاوین. کە ئەوەش نە کاری کوردە و، نە کاری ئەوڕۆی کوردە و، نە کارێکی هەروا سادە و سووکە، کە بەزمانی شیرین و دەستەملانێی یەکدی بێتەدی و، عەللاویش هەر جەعفەرییە، بەلام لە بەرگێکی دیکەداو، ئەویشمان تاقیکردەوە.

وادیارە، ئەو هەلەی کە کێشەی مافی خاوەندارێتیی هێزی ئەتۆمی، کە ئێران بەخۆی ڕەوادەبینێ و تێرۆرکردنی ڕەفیق حەریری لوبنانی، کە ڕژێمی سووریای پێ تۆمەتباردەکرێ و، هەروەها ترسی ڕۆژاڤا و ئیسرائیل لەهاتنە سەرکاری "حەماس" لە فەلەستین، مالّی حیزب و حیزبۆلّەکانی کورد ئاوابێ، کە هەر یەکەیان لە ئاوازێک دەخوێنێ و، زۆربەشیان لە فارس ئێرانیتر و، لە عەرەبی سووریا سووریاییتر و، لە عەرەبی عێراق عێراقیترن، هیچ خێریکی بۆ کورد تێدا نابێ و، لە ئەنجامدا، چەند ڕژێمێک دێنەسەرکار، کە فشەدۆستایەتییەک لە گەلّ ئەمریکا و ئەورووپا و رووسیا و چین دەبەستن و، کوردیش لەولاوە دادەمێنن و، دەست لە گونان درێژتر.

ئەوڕۆ، لەنێو کورددا،باس باسی «گەندەلّیی بەڕێوەبەرێتیی» یە. ڕاستە، بەڕێوەبەرێتیی گەندەلّە، بەلام گەندەلّیی بەڕێوەبەرێتی، لە گەندەلّیی جەماوەرەوە هاتووە. هەرچەندە لەنێو خەلّکدا واباوە کە ماسی لەسەرەوە بۆگەن دەکا، بەداخەوە، ماسییەکەی کورد لە بنەوە بۆگەنی کردووە و، بۆگەنی خوارەوەیە، داویەتە سەرەوە. جەماوەرێکی دەستپاک و هۆشیار و بەتەنگەوەهاتوو، کاربەدەستانیشی هەر لەو جۆرە دەبن. پێچەوانەش، بە پێچەوانە.

کورد دەبێژن، خواردنێک بۆ ئەوەی بۆگەن نەکا، خوێی دەکەن، ئەی ئەگەر خوێیەکە بۆگەنی کرد، چی لێدەکەن؟.

بەلّێ.... جەماوەر گەندەلّە. ئەوجا بانەترسین لە تانووتی کەس و قسەیەکیش بۆ شەیتان بکەین.

**جەمال نەبەز**

**بەرلین: ٣ / ٣ / ٢٠٠٦**